حەکیم: ئەم هەڵبژاردنانەی ئێستا بناغەی سەقامگیرییەکی بەردەوام بۆ بیست ساڵی داهاتوو دادەنێن

سەرکی هاوپەیمانیی هێزە نیشتمانییەکان، عەممار حەکیم، ئەمڕۆ سێشەممە، جەختی کردەوە کە هەڵبژاردنەکانی ئێستا بناغەی سەقامگیرییەکی بەردەوام بۆ بیست ساڵ دادەنێن.

حەکیم ڕایگەیاند: "ئەم هەڵبژاردنانە چارەنووسسازن، وەك چۆن هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2005 بناغەی دیموکراسییان دانا، ئەم هەڵبژاردنەش بناغەی سەقامگیرییەکی بەردەوام بۆ بیست ساڵی داهاتوو دادەنێت، بۆیە ئومێدەوارین گەلی وڵات بەرەو سندووقەکانی دەنگدان بچن بۆ بەشداریەکی بەرفراوان، کارا و هۆشیارانە، و متمانەی خۆیان بدەن بە کەسی شایستە، بۆ ئەوەی عێراق بەرەو سەقامگیرییەکی بەردەوام بگوازینەوە."

ڕوونیشی کردەوە، کە "قەبارەی بەشداریکردن و باشی هەڵبژاردنەکە هەردووکیان وای لێدەکەن عێراق بکەوێتە سەر ڕێگەیەکی باست، چونکە پێسەی دەنگدان تەنیا چەند خولەکێك دەخایەنێت، بەڵام ئەنجامەکەی بۆ ماوەی چوار ساڵ بەردەوام دەبێت."

حەکیم داوای لە گەلی عێراق کرد کە "بەشداریەکی کارا بکەن بۆ مسۆگەرکردنی مافەکانیان، ئاماژەی بەوەشدا کە "ئیرادەیەکی سیاسی لەلای هەموو سەرکردایەتییە سیاسییەکاندا هەیە بۆ ئەوەی بە خڕایی لە پێکهێنانی حکوومەتدا بەردەوام بن."

لەگ کۆتایيدا وتی: "عێراق بەرەو چاکبوونەوە دەچێت، و یەکێك لە نیشانەکانی چاکبوونەوە، گەیشتنە بە تێگەیشتن لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بۆ کۆتاییهێنان بە ئەرکەکانیان لە عێراقدا، هەروەها یەکێك لە نیشانەکانی چاکبوونەوەش، کۆتاییهێنانە بە ئەرکی (یونامی) لە کۆتایی ئەمساڵدا، و یەکێکی تریش لە نیشانەکانی چاکبوونەوە ئەوەیە کە بتوانین لە ماوەیەکی کورتدا حکوومەت پێکبهێنین، کە ئیرادەیەکی جیدی هەیە بۆ ئەوەی بە خێرایی لە پێکهێنانی حکوومەتدا بەردەوام بێت."